### ئاخۆ لەگەڵ کۆتایی تەقینەوەو تیرۆرو کوشت و کوشتار و گەندەڵی ،دیاردەی لەشفرۆشیش بنبردەبێت

# ئوتێلەکانی بەتاوین و کوردو کیژە ئەسمەرەکان



ئا: ئالاء قەیس

(هەژاری مرۆڤ دوچاری زۆر شت دەکات بەبێ ویستی خۆی) ،بەڵێ عەلیاء کیژێکی ئەسمەری چاوگەش تەمەنی لە ٢٥ ساڵ تێپەری نەدەکرد بەو شێوەیە کەوتە دوان و ووتی: زۆرم حەز دەکرد خاوەنی ماڵو مێردو حاڵی خۆم بم، بەڵام دەستکورتی خێزانەکەمو بێباکی باوکم ئەم ڕێگایەی پێگرتە بەرم. عەلیا زۆر راشکاوانە وتی: باشترین کالا بۆ پەیدا کردنی بژێوی ژیان جەستەمە، بۆیە بەجەستەم خواردن بۆ خوشك و براکانم و دەرمانیش بۆ دایك و باوکم دەکرم . بەچاوێکی پر لەفرمێسکیشەوە ئاخێکی هەڵکێشاو هەموو تاوانێکی خستە ئەستۆی ناعەدالەتی دەسەلات و کۆمەڵگا. سەبارەت بەشوناسی ئەوانەی دێنە لای عەلیا بێسیو دوو ووتی: بەشی زۆریان کوردنو خەڵکی ناوچە جۆراو جۆرەکانی باکورن. هەندێکیش خەڵکی نەجەف و کەربەلان،بەڵام کوردەکان بەخشیشی زیاترم دەدەنێ بۆیە بەردەوام حەز دەکەم میوانەکانم کورد بن. ئەبو (ع)کەلە پرسگەی ئوتێل (ن)ە لە شەقامی موشەر وتی: ئێمە تەنها ڕێژەیەك لەو پارەیە هەڵدەگرین کە لەبەرانبەر ڕێکخستنی کارەکەماندا بۆ کیژەکانی وەردەگرین. ئەوەش کارێکی ئاساییە ، چونکە لەم ولاتەدا رۆژانە سەری مرۆڤ دەفرۆشرێت ، ئێمە تەنها چێژێکی کاتی دەفرۆشین. دەربارەی پۆلیس ووتی: هەندێك بەناوی پشکنینەوە دێن ،زۆرجاریش دوای پشکنینەکە بە بەرگی مەدەنیەوە دەگەڕێنەوە بۆ رابواردن . بۆ نمونە ئەم جەژنە رۆژی دوەم لە ئوتێلی (د) کەسێ کۆڵان لەناوترە دووپۆلیس بەبەرگی مەدەنیەوە چوبون ولەلایەن چەند چەتەیەکەوە . بەگشتی ئەم حاڵەتە ئێستا ئاساییە وپێش رووخانی رژێم زیاتر چاودێری دەکرا لەلایەن پۆلیسەوە ، بەڵام ئێستا پۆلیس تەنها خەمی ئەوەی هەیە کە نەتەقێندرێتەوە و نەکوژرێت .بەتە کیژێکی ئەسمەری تەمەن ٢٠ ساڵ لە گێرانەوەی ژیان و بە سەرهاتی خۆی وتی: ناوم (ریحابە ) لەبەر بچوکی ناویان ناوم بەتە .لە ١٥ ساڵیەوە کاری لەش فرۆشی دەکەم ،من باوکم لە جەنگی قادسیە کوژراوەو دایکیشم شوی کردۆتەوە ،ماوەی (٥) ساڵ لە ناوچەی بەییاع کەوتمە ماڵێکی کوردەوە ،ئەڵبەتە ئەو ماڵە کوردە زۆر دەمێکە لە بەغداد نیشتەجێبوون، محەمەدی کوری ئەو ماڵە فێری ئەم کارەی کردم ،ئێستا لە م ئوتێلەم ژورێکیان داوە پێم و رۆژانە دەیان موشتەری بەرێ دەکەم . سەبارەت بە و پارەیەی دەستی دەکەوێت وتی: ئافرەت تەنها ئەوەی لە سەرە پارە پەیدا بکات و دەبێت پیاویش بۆی بخوات . بەتە هەروەکو خۆی دەڵێت تازە لەگەڵ ئەو کارە راهاتوە و بوە بە پیشە بۆی ،لەبەر ئەوە بە ئاسانی ناتوانێت وازی لێبێنێت . یەکێکی تر لە ئوتێلەکان باڵەخانەیەکی کۆنە و دەکەوێتە سوچێکی یەکێك لە شەقامەکانی پشتی موشەجەرەوە ،چەند پیاوێك بەرێوەی دەبەن و چەند ئافرەتێکیش لەشفرۆشی تێدا دەکەن ،ئەم ئوتێلە ناوێکی عەرەبی هەڵگرتوە (٣) ئافرەت بە ناوەکانی (ئوم سەعد ،ئەمەل ،شەیما) لە ژورێکی نهۆمی سێیەم نشتەجێبون. (ئوم سەعد)تەمەن ٤٥ ساڵ کارەکەی بەلاوە ئاساییەو بەداهاتێکی باشی دەزانێت بۆ بژێوی رۆژانەی خۆی ،هەروەك لە قسەکانیشیدا دەرکەوت لە مێردەکەی جیابۆتەوە و ئێستا لەرێگەی برایەکییەوە لەو ئوتێلەدا کاری لەشفرۆشی ئەنجام دەدات . (ئەمەل) لەدەست خانەوادەکەی هەلاتوە و لای ئوم سەعد گیرساوەتەوە و دوچاری ئەو کارە بوە بەبێ خواستی خۆی ،وەك خۆی دەڵێت :لەناو خێزانێکی موحافیزکارا گەورە بوە و لە ئاکامی ئەوەی کە باوکی ویستویەتی بیدات بە شوو بە پیاوێکی پیر بەرانبەر ژنێك بۆ خۆی ئەم هەلاتوەو لە بێ لانەیی و بێ کەسیدا ناچار بوە لەو ئوتێلە بگیرسێتەوە . (ئەمەل) تەمەنی (٢٦) ساڵەو ئێستا پەشیمانە لە ڕێگەیەی بێ خواستی خۆی دوچاری بوە ،بەلام وەك دەڵێت تازەهەمووشتێکی لە دەست داوە .(ئوم سەعد) دەڵێت ئەگەر هەر رۆژێك چەند کوردێك سەرمان لێنەدەن ئەوا ئەو رۆژە نائوێد دەبین ، چونکە زیاتر کوردەکان پارەی باشیان پێیەو بەخشیشمان دەدەنێ . (شەیما)سەبارەت بە تەمەنی ئەوانەی زیاتر دێنە لای وتی: زیاتر خەڵکێك دێن کەتەمەنیان لە نێوان ٢٠ بۆ ٣٠ ساڵەو یان کوردن یا خەڵکی شارەکانی نەجەف و کەربەلان . (م)لە پرسگەی ئوتێلەکە وتی: ئێمە کەسمان بەزۆر نەهێناوە ئەو کارەی پێبکەین ،ئەوانەی لێرەن یان کەس و کاری خۆیان دەیانهێنن یان بێ کەسن .هەروەك وتی: ئوتێلەکەمان کۆنەو کەس بۆ پشوو ڕێی لێناکەوێت ، بۆیە ناچارین ئەم کارەی تێدا بکەین .

(ئەبو کەریم) لە سوچێکی یەکێك لە شەقامەکانی بەتاوین راوەستاوە و لە لایەن زۆری موشتەریەکانیەوە ناسراوە ،لە عەرەبانەیەك کەچا دەفرۆشێت بانگەشە دەکات بۆ کارەکەی و گەلێك جار هەر لەخۆیەوە چا بۆ ئەو کوردانە دەکڕێت کەبەوێدا تێدەپەرن. ئەم کابرایە دشداشەیەکی چڵکنی لەبەردایەو زۆرێك لەلەشفرۆشانی بەغداد دەناسێت، کەهێنامانە دوان بێ سێو دو وتی: من نامەوێ لەناو ئوتێلەکان کار بکەم ، ئافرەتی پاكو خاوێنم لایە و ماڵی تایبەتمان هەیە بۆ ئەو کارە. سەبارەت بەنرخەکانی وتی: بۆ یەك جار بە (١٠)هەزار دینارەو و بۆ کاتژمێرێك (٥٠) هەزارو بۆ شەوێکیش لەنێوان (١٢٠ـ١٥٠) هەزار دینارە. ئەبو کەریم لە قسەکانیدا دەرکەوت کەبەشێکی زۆری ئوتێلەکان کە لاچەپیان گرتوە بۆ ئەو مەبەستە بەکار دەهێنرێن و زۆر جاریش کۆمەڵێك چەتە هەڵدەکوتنە سەر ئەوانەی بۆ رابواردن دەچن بە مەبەستی چەتەیی.

بەغداد پایتەختی رۆشنگەری و شاری رەشید و شاعیران و جوانی، ئێستا وێرانەیەك بۆ سەربرین و لەشفرۆشی و چەتەیی و تەقینەوە، ئاخۆ لەگەڵ کۆتایی تەقینەوەو تیرۆرو کوشت و کوشتار و گەندەڵی ،دیاردەی لەشفرۆشیش بنبردەبێت لەم شارەدا؟ یان ئەوەش دیاریەکی دیکەی سەردەمی نوێگەری و پێشکەوتنە ؟ ئایا بەرپرسی ئەودیاردەیە سیتەمی کۆمەلایەتیە یان سیستەمی سیاسی و دەسەلات؟

# ئەنفلۆنزای باڵندە لەنێو چێشتخانەو مریشك فرۆشاندا

## هاولاتییەک: ئەگەر توشی شێرپەنجەیش بم واز لە خواردنی مریشک ناهێنم

ئا: رۆژنامە

بەگشتی کڕیارمان کەم بووەتەوە، بەم شێوەیە هاولاتی (چ)لەهەڵەبجەی شەهید باسی لەبازاڕی مریشکفرۆشی کردو وتی: خەڵکی زۆر خۆیان دەپارێزن، کڕینو خواردنی مریشکیان کەمکردووەتەوە، هەروەك ئاماژەی بەوەش کرد، کەمریشکی دەرەکی بەکار ناهێنن، بەڵکو زیاتر پەنایان بۆ مریشکی بازیانو ناوخۆییەکان بردووە، لەبەشێکی تری قسەکانیدا وتی: فەرمانگەی تەندرووستی ڕێنمایی بۆ ناردووینو بەپێی ئەو ڕێنماییانە مامەڵە دەکەین. (ئەنوەر حەمە ڕەشید محەمەد) کەخاوەنی چێشتخانەی هەڵەبجەیە، دەربارەی فرۆشتنی مریشك وتی: مریشك فرۆشەکان بەر لەبڵاوبوونەوەی ئەم هەواڵە وازیان لەفرۆشتن هێنابوو،ە هەرەها سەبارەت بەبەکارهێنانی مریشك لەچێشتخانەکەیدا وتی: داواکاری زۆرە بۆ مریشك، ئێمە زیاتر گرنگی بەپاكو خاوێنی دەدەینو بەهیچ شێوەیەك لەئێستادا مریش بەکار ناهێنین، هاولاتییەك پێی وایە ئەم پروپاگەندەیە دوورە لەڕاستیەوە، بەپێی حەزەکانی خۆی دواو وتی: ئەگەر تووشی نەخۆشی شێرپەنجەش بم ناتوانم واز لەخواردنی حەواصلی مریشك بهێنم، بەنمونەش وتی: هەر ئەم ئێوارەیە دوو کیلۆ حەواصلم کڕیو تێرمان لێخوارد. (خەسرەو قادر محەمەد) کەودوکاندارەو مریشك فرۆشی دەکات، زیاتر لەسەر ئەو حاڵەتەی ئێستا دواو وتی: هەرچەندە ئێستا هێلکەو مریشکی دەرەکی ناهێنین، بەڵام فرۆشی ناوخۆییەکانیش کەم بووەتەوە، مریشکی زیندوو بەهیچ شێوەیەك نافرۆشرێت، ئەو دووکاندارە گلەییو گازندەیی خۆی هەبوو، چونکە پێی وایە دەبێت بەیەکجاری قەدەغە بکرێت، یان ئەوەتا چارەسەری گونجاو بۆ ئەم کێشەیە بدۆزرێتەوە، خەسرەو دەڵێت: بازاڕەکەمان شڵەژاوەو ئەوەی کەهێناومانە نافرۆشرێت، ڕێگەش لەمریشکی بەستوو ناگیرێت بۆ هێنانە ناو بازاڕەوە، لەسلێمانیش هاولاتی (قادر ڕەحیم) کەدوکانی مریشکفرۆشی هەیە دەڵێت : بەڕێژەی ٣٠٪ بۆ ٤٠٪ فرۆشمان کەمبووەتەوە، هەرچەندە ڕێنماییەکان هیچ ئاماژەیەك بەمەترسی مریشکی بازیان نادەن، (کاوە عەلی) لەچێشتخانەیەکی سلێمانی وتی: ئێستا مریشکی کولاو زیاتر دەفرۆشین، بەپێچەوانەی جارانەوە، پێشتر میوانەکان مریشکی برژاویان زیاتر دەخوار، لەوەتەی ئەم هەواڵە بڵاو بووتەوە رۆژانە لە٨٠ مریشکی برژاوەوە هاتووینەتە سەر ١٠ ٢٠ مریشکی برژاو، هاولاتی (تانیا بەکر)کەژنی ماڵەوەیە وتی: کەس نازانێت راستە یان نا، من حەزناکەم مریشك بدەم بەمناڵەکانم، بەڵام باوکیان دەیکڕێتو دەڵێت ئەگەر خراپ بووایە حکومەت نەیدەهێشت لەبازاڕدا بیفرۆشن، هەروەها وتی: منداڵەکانم بەیانیان هێلکە دەخۆن، پێویستە وەزارەتی تەندرووستی لەو رووەوە خاوەنی بڕیاری کاریگەر بێتو هاولاتیان لەڕاڕاییو دڵەڕاوکێ رزگار بکات. (چێنەر جەلال) کەمامۆستای سەرەتاییە هەموو ئەم پروپاگەندانە بە بەشێك لە سیاسەت دەزانێ و پێی وایە لەم وەرزەدا باڵدە لە رۆژهەلاتەوە رەوناکەن بۆ رۆژئاواو تائەو ڤایرۆسە بگوێزنەوە . ئەم مامۆستایە وتی: ڤایرۆسی ئەنفلۆنزای باڵندە لە ناوچەکانی چین و ئاسیای رۆژ هەلات بلاو بۆتەوە و بە ئاسانی ئێستا ناگاتە ئێرە. هەروەها وتی: بەداخەوە لێرە تەنها کار بە پروپاگەندە دەکرێت و حکومەت هیچ پلانێکی نیە بۆ روداوی لەو جۆرە . (کاروان)کەماوەیەکە دوکانەکەی داخستوە وتی: من مریشکی زیندووم دەفرۆشت ،بەلام ئێستا دوو هەفتەیە بێکارم و هیچ حسابێکیشم بۆ نەکراوە . (رێژین)بەدەم بۆلەوە وتی: ئەرێ بەراست ئێوە هەر خەریکی پروپاگەندەن مەبەستم رۆژنامەو کەناڵەکانە ئەو هەواڵە بەراست دەزانن؟ دواتریش وتی: من گۆشتی رەش ناخۆم و بەردەوام حەزم لە مریشکە، وەزارەتی تەندروستی دەڵێت ئەو ڤایرۆسە لە کوردستان بلاو نەبۆتەوەو بەردەوامیش دەمانترسێنن ،ئێستا ئێمە چیبکەین و چی بخۆین؟ پێویستیمان بە رێنمایی تەواو هەیە یان بەیەکجاری مریشك قەدەغە بکەن یان پێمان بلێن بە ئارەزوی خۆتان بیخۆن. (ئومێد تاهیر) لەبازاری دارەسوتاوەکەی سلێمانی وتی:پێویستە هاولاتیان تائەتوانن پارێزگاری لە خۆیان بکەن،چونکە خۆپارستن لە چارەسەر باشترە. هەروەها وتی: بەراستی فرۆشی مریش زۆر کەم بۆتەوە، بەلام ناتوانم بلێم هەر نافرۆشرێت،چونکە تاکو ئێستا ئەو نەخۆشیە بلاونەبۆتەوە تەنها پروپاگەندەکەی هەیە. (سازگار)کە یاریدەدەری پزیشکیەپێی وایە تەشەنەکردنی هەموو ئەو جۆرە نەخۆشیانە پەیوەندیان بە هوشیاری کۆمەلگەوە هەیە و هاولاتیان خۆیان دەتوانن بەربەست بن لە بەر دەم هێرشی ئەو ڤایرۆسانە بۆ مرۆڤ. سەبارەت بە مەرجە تەندروستیەکان لە ناو چێشتخانەکاندا (کاوە)وتی:لای من لەسەروی یاساو رێنمایی حکومی گرنگە هەموو خاوەن چێشتخانەیەك ویژدانی خۆی بخاتە کارو ئەوەندەی لەخەیالدا بێت کەئەو هاولاتیانەی نانی لا دەخۆن کەس و کاری خۆین بۆیە پێویستە بە ویژدانەوە مامەلە بکات و پێش ئەوەی بیر لە گیرفانی بکاتەوە دەبێ بیر لە بەرژەوەندی گشتی بکاتەوە. هەروەها وتی :لەبەر ئەوەی هەوالەکە بلاو بۆتەوە دەبێت زیاتر بە وریایی مامەلە بکەین.هەرچەندە تاکو ئێستاش ئەم هەوالە لە شێوەی پروپاگەندەدایە،بەلام ئەگەر رۆژانە گوێ رایەلی رێنماییە تەندروستیەکانیش ئەوە کارێکی باش دەکەین. (شیرین سەباح)لە کانی سپیکەی سلێمانی وتی:نازانم هەر دەلێن ئەنفلۆنزای باڵندە هەیەو کەچی ئەوەتا لە کانی سپیکە مریشکی زیندوو دەفرۆشرێت و کەسیش نایەت بلێ بۆ دەیفرۆشن. وەك ئەوەی بلێی ئێمە لە کەوکەبێکی تردا بژین، وادیارە لەبەر ئەوەیە کەزۆری نیشتەجێکانی ئێرەە هەژارن بۆیە چاودێری تەندروستیش زۆر گوێی ناداتێ. هەروەها وتی: لەگەڵ هەموو ئەو بانگەوازانەی کەدەکرێن بۆ بەکارنەهێنانی مریشکی زیندوو تائێستاش دوو دوکانی مریشکی زیندوو لە کانی سپیکە ماوەو رۆژانە مریشکی زیندوو دەفرۆشن.



PDF created with pdfFactory Pro trial version www.pdffactory.com